# یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ و کاریگەری لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە عێراق

Doi: 10.23918/ilic2021.02

پ. د. شۆرش حسن عمر
مامۆستا/ یاسای دەستوری
زانکۆی سلێمانی
shorsh.omar@univsul.edu.iq

م. کاروان أورحمان إسماعیل
مامۆستا/ یاسای گشتی
زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
karwan.ismail@uhd.edu.iq

## پێشەکی

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕێکەوتی ٢٩/١٠/ ٢٠٢٠ دەنگیدا بەیاسای نوێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٠. پەسەندکردنی ئەو یاسایە لەسەر ئاستی شەقامی عێراقی مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

هەندێك پێیان وایە یاسای هەڵبژاردنی تازە ڕێگە ئەدات بەدەنگدەران کە ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێرن لەسەر بنەمای تاکی لەبری هەڵبژاردنی لیستی حیزبی، وە هەر ئەندامێك لە پەرلەمان نوێنەری بازنەیەکی هەڵبژاردنی دیاریکراوە، کە هەر کورسییەکی پەرلەمان بۆ ئەو کەسە ئەبێت کە زۆرینەی دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێناوە لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا، وەرێگری ئەکات لە یاسای حیزبەکان لەوەی بەلیستی یەکگرتوو دابەزن کە پێشتر ئەم جۆرە هەڵبژاردنە ڕێخۆشکەر بوو بۆ بەدەستهێنانی تەواوی کورسییەکان لە پارێزگایەکی دیاریکراودا. هەندێکی تر پێیان وایە بەپێی ئەم یاسایە دادپەروەری بەدی نایەت لە دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا، چونکە ژمارەی دەنگدەران لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا دیار نییە، لەبەرئەوەی کەنازانرێت لە بازنەکاندا چەند کەس ئەژی کە دابەشدەبێت بۆ بازنەی هەڵبژاردن، لەکاتێکدا کەزیاتر لە ٢٠ ساڵە لە وولاتدا سەرژمێری دانیشتوان ئەنجام نەدراوە. وە پێیان وایە هەندێ لە حیزب و لایەنەکان بەهۆی سەپاندنی دەسەڵات و نفوزیان لەسەر ئەو قەزایانەی کە دەسەڵاتیان هەیە بەسەریدا بە ئاسانی سەرکەوتوو ئەبن بەهۆی بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکانەوە. بەڵام هەندێکی تریش پێیان وایە یاسا تازەکە ئەبێتە هۆی بەدیهێنانی یەکسانی و دیموکراسی، وە هەڵبژاردن لەسەر بنەمای تاکی مانای بەشداری کاریگەرە لە هەڵبژاردندا وتەنیا دەنگ ئەدرێت بە تاك نەك بە لیستی حیزبی.

**کلیلی ووشەکان:** ئەنجومەنی نوێنەران، بازنەی هەڵبژاردن، سیستەمی هەڵبژاردن، دیموکراسی، کاندید، سیستەمی کۆتا.

**بایەخی ئەم توێژینەوەیە:** لەوەدا دەردەکەوێت کە یاسایەك دەبێتە خاڵی گرنگی توێژینەوەکە ئەویش یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٠ کە دوای کێشمە کێشێکی زۆر لەنێوان لیستەکانی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندکرا. لەژێر فشاری نارەزایی و خۆپیشاندانەکاندا کە لەتشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ سەری هەڵدا، وە یەکێك لە داواکارییە سەرەکییەکانیان دانانی یاسای هەڵبژاردن یان هەمووارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (٤٥) ساڵی ٢٠١٣ پێشوو بوو بە یاسایەکی نوێ کە دادپەروەری زیاتری تیابێت لە دابەشکردنی دەنگەکاندا وە لەئاستی داخوازییەکانی شەقامی عێراقی بێت، بەشێوەیەك کە گۆڕانکاری ریشەیی لە پرۆسەی سیاسی بخاتەوە بە ئاراستەی بەرجەستە کردنی شەفافیەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە حوکمڕانیەتدا.

**کێشەی توێژینەوەکە:** لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە سیستەمێکی هەڵبژاردنی جیاوازی داهێناوە کە هەڵبژاردن لەسەر بنەمای بازنەی بچوك بریاری لێدراوە، وە ئەژمارکردنی دەرئەنجامەکانیش بۆ کاندیدەکان بەپێی زۆرینەی دەنگەکان دەبێت. لێرەدا رکەبەری تەنیا لەنێوان کاندیدەکان دەبێت نەك لەسەر ئاستی لیستی هەڵبژاردن، وەك لەیاسای هەڵبژاردنەکانی پێشوو بریاری لێدرابوو، واتە لێرەدا دەنگ تەنها بۆ کاندیدێك ئەژمار دەکرێت. کە بە پێی ئەم یاسا نوێیە دەنگدان بە کاندید بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەبێت، وە بۆهەر ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار کەس یەك نوێنەر هەڵدەبژێرێت. بۆیە کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەوەدا دەنوێنێت کە ئایا ئەم سیستەمە تازەیە بەو بنەما جیاوازانەوە تاچەند دەتوانێت گۆرانکاری لەدەرئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن بکات، بەئاراستەیەك کە لەسایەیدا پرۆسە سیاسییەکەش نەخشەیەکی جیاوازتری لێ بکەوێتەوە لەوەی کە ئێستا هەیەو بەهۆی ئەوەی کە لێرەدا بوار دەرەخسێت بۆ هەموو کەسایەتییەکی بێلایەن ئەگەر پارتێکیشی لەپشت نەبێت بتوانێت لەبازنەیەکی دیاریکراو بەسەرکەوتویی رکابەری لایەنە سیاسییەکان بکات. یاخود لەژێر سایەی ئەم سیستەمەدا لیستی نوێ سەرهەڵبدەن کەبتوانن دەنگی خەڵکی بەلای خۆیاندا رابکێشن، دوای ئەوەی کەزۆرینەی خەڵك هیوای بە پرۆسەی هەڵبژاردن نەما لەژێر سایەی یاساکانی هەڵبژاردنی پێشوو، نمونەش ئاستی نزمی بەشداری هاووڵاتیان بوو لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** گەیشتنە بەو دەرئەنجامەی ئایا ئەم یاسای هەڵبژاردنە بەپەیرەوکردنی لەسەر ئەرزی واقع بۆ هەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەران تا چەند کاریگەری دەبێت لەسەر نەخشەی پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە وە لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بە ئاراستەی داهێنانی نەخشەیەکی جیاوازتر لەناو ئەنجومەنی نوێنەران بەتایبەتی و کۆی پرۆسەی سیاسی عێراق بەگشتی.

**گریمانەی توێژینەوە:** سیستەمی نوێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گۆرانکاری دروست ئەکات لەنەخشەی سیاسی عێراقدا، بە گریمانەی ئەوەی یاساکە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت و دووربێت لەدەستێوەردانی حزبی و گزیکردن.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدی شیکاری (المنهج التحليلي) وەرگیراوە بۆ شیکردنەوەی ئەو برگەو مادانەی ناو یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەروەها سودمان وەرگرتووە لە میتۆدی بەراوردکاری (المنهج المقارن) بۆ بەراوردکردنی بابەتەکانی ناو ئەم یاسایە بەیاساکانی تری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پێشودا.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەمان، بە باشمان زانی بابەتەکەمان بە شێوازێکی پلەبەندییانە دابەش بکەین بۆ دوو باسی سەرەکی و هەر باسێکیش بۆ دوو داواکراو. لەباسی یەکەمدا لە پاشخانی یاسای هەڵبژاردن ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ دەکۆڵینەوە، وە دەیکەین بە دوو داواکراو، لە داواکراوی یەکەمدا ناساندنێك بۆ یاساکە دەکەین. وە لەداواکراوی دووەمدا خوێندنەوەیەك دەکەین بۆ پەیوەندی نێوان یاساکە و یاساکانی تری هەڵبژاردنەکانی پێشوو. وە لەباسی دووەمیشدا و بەدوو داوکراو تیشك دەخەینە سەر سیستەمی هەڵبژاردن. لەداواکراوی یەکەمدا لە سیستەمی هەڵبژاردنی بریارلێدراو لە یاسای تازە و بەراوردی دەکەین بەسیستەمەکانی پێشوو، لەداواکراوی دووەمیشدا باس لە کاریگەری یاسای هەڵبژاردن لەسەر ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەین. پاشان توێژینەوەکە بەچەند دەرئەنجامێکی گرنگ و پێشنیازێکی پێویست کۆتایی پێدەهێنین. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**باسی یەکەم/ پاشخانی یاسای هەڵبژاردن ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠**

داواکراوی یەکەم: ناساندنی یاسای هەڵبژاردن ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠

داواکراوی دووەم: پەیوەندی نێوان یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ و یاسای هەڵبژاردنەکانی پێشوو

**باسی دووەم/ سیستەمی هەڵبژاردنی یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ و رۆڵی لەسەر نەخشەی سیاسی عێراق**

داواکراوی یەکەم: سیستەمی هەڵبژاردنی یاسای ژمارە ٩ و بەراوردکردنی بەسیستەمی یاساکانی پێشوو

داواکراوی دووەم: کاریگەری یاسای هەڵبژاردن لەسەر ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.

**کۆتایی**

**سەرچاوەکان**

## باسی یەکەم/ پاشخانی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠

هەڵبژاردن وەك ئامرازێك بۆ گۆرینی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی ئاشتیانە لەرێگەی دەنگدان و چونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بە ئازادانە لەلایەن گەلەوە، ئەنجامی هوشیاربونەوەی خەڵکەو یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسی لە وولآتدا. کە بەپێی ئەم بنەمایە گەل خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینەیە و ئیرادەی گەل لە سەرو هەموو دەسەڵاتەکانی ترەوەیە و خۆی بریار لەسەر چارەنوسی خۆی و ئایندەی وولآت ئەدات، بەو مانایەی کە گەل ماف بەشداریکردنی ئەبێت لە سیاسەتی گشتی و چارەنوسی حزبە سیاسییەکان دیاری ئەکات و ئەتوانێت لێپرسینەوە لەحزبەکان و بەرپرسەکانیان بکات.[1]

بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامی هەڵبژاردن لەدوو رووەوە دەردەکەوێت، لەلایەك خەڵك لە بازنەکانی هەڵبژاردندا کەسێك وەك نوێنەرو داکۆکیکاری مافەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و لەلایەکی تریشەوە لەکۆی ئەم کەسە هەڵبژێردراوانەوە پێکهاتەی ئەنجومەنی نوێنەران دەست نیشان دەکرێت کە لە زۆربەی وڵاتاندا باڵاترین دەسەڵاتی بریاردەرە.[2]

بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا مافێکە رێگە ئەدات بەتاکەکان هاوکارو بەشداربن لە حوکمرانیکردن بەشێوەیەك خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، وە بەپێی بنەمای دەستوری هەموو هاوولآتییەك مافی بەشداریکردنی هەیە لەکاروباری گشتی وپیادەکردنی مافە سیاسییەکان وبەشداری لە هەڵبژاردنە جۆراو جۆرەکان و مافی خۆپاڵاوتن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنە هەڵبژێراوەکان، وە هاولآتیان دەنگ بدەن بەنوێنەری خۆیان تا بەرگری لە مافەکانیان بکات، بۆ دروستبونی ئەنجومەنێك کە لێپرسینەوە و چاودێری حکومەت بکات، پەسەندی بریارەکان بکات و یاسا دەربکات و داوای

[1] لاري الويتز، نظام الحكم في الولايات المتحدة الأمريكية، ترجمة جابر سعيد عوض، الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، القاهرة، مصر، ١٩٩٦، ص ٢٣.

[2] حوجەتولآ ئەیوبی، ئەحمەد نەقیب زادە، دنیس کاوانك، هەڵبژاردن شێوەو تایبەت مەندییەکانی، وەرگێرانی ئەبو بەکر خۆشناو، چاپ و کۆمپیوتەری روناکبیری، ٢٠٠٣، لاپەرە ٣٩.

مافی هاولاّتیان بکات.(١) هەر لەم بوارەدا مادەی ٢٠ ی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥ مافی خۆپالاّوتن و دەنگدانی داوە بە تاکەکانی کۆمەڵگای عێراقی.(٢) بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ بەشداریکردنە لە بریارەکاندا کە لەلایەن دامودەزگا و دەسەلاّتە حکومییەکانەوە دەردەچێت، بەشێوەیەك هاوولاّتیان ئەتوانن رۆڵی گرنگیان هەبێت لەبەشداریکردن لەو بریارانە، ئەویش لەرێگەی دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانی خۆیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.(٣)

دوای روخانی رژێمی پێشوو لە ٢٠٠٣/٤/٩ عێراق پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، ئەویش ئەنجامدانی یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو لە ٢٠٠٥/١/٣٠، تیایدا گەلی عێراق بەسەرجەم پێکهاتەکانییەوە ئازادنە چونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد. بۆ رێکخستنی ئەو هەڵبژاردنەو ئەوانی دواتریش چەند یاسایەك دەرکرا، وەك یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩٦ ساڵی ٢٠٠٤، یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠٥، یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٤٥ ساڵی ٢٠١٣، وە یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠، ئەوەی دواییان جێگەی بایەخی توێژینەوەکەمانە. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشکردووە بۆ دوو داواکراو، کە تیایاندا باس لە سیستەمی یاسایی و گرنگی یاسای ژمارە ٩ ئەکەین و پاشان بەراوردێك ئەکەین لەنێوان ئەم یاسایەو یاساکانی پێشووی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا.

## داواکراوی یەکەم: ناساندنی یاسای هەڵبژاردن ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠:

هەر یاسایەك کە لەلایەن دەسەلاّتی یاسادانانەوە دائەنرێت رەنگدانەوەی فەلسەفەی دەسەلاّتی سیاسییە لە وولاّتدا، وە لە ئەنجامدا ئەبێتە دەربڕی بەرژەوەندی ئەو چین و تاقم و دەستانە کە بالاّدەستن لە روی ئابوری و کۆمەلاّیەتی و سیاسییەوە. یاسای هەڵبژاردنیش وەك یاسایەکی سروشت دەستوری بەهەمان شێوە ئەچێتە ناو ئەو چوارچێوەیەوە، بەلاّم رەنگە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا وەکو ئەو جوڵەیەی شەقامی عێراقی کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ سەریهەڵدا، فشارێك بوبێت لەسەر  دەسەلاّت و ناچاری کردبێت بە دەرکردنی ئەو یاسایە، تابتوانێ بەهۆیەوە لەرق و تورەیی خەڵك و نارەزایی شەقام کەمبکاتەوە. بۆیە لەژێر کاریگەری ئەو نارەزاییانەوە کە لە بەغداو هەندێ لە شارەکانی تری عێراق سەری هەڵدا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٢٤/ ١٢/ ٢٠١٩ پرۆژە یاسایەکی تازەی ئامادەکرد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، بەلاّم دوای نزیکەی ساڵێك لە ٢٠٢٠/١١/٥ ئەو یاسایە پەسەندکرا،(٤) کە لە راستیدا وەلاّمدانەوەیەك بوو بۆ داواکارییەکانی شەقام، بە شێوەیەك کە یەکێك لە داواکارییەکان پێویستی دەرچونی یاسایەك بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران کە دادپەروەری لە نوێنەرایەتیکردن و دەستپاکی و بێگەردی لە ئەژمارکردنی دەنگەکاندا هەبێت و دوربێت لە دەستێوەردان و گزیکردن و یاریکردن بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە.(٥)

لەراستیدا چەند پێوەرێك هەیە بۆ دەستپاکی و بێخەوشی هەڵبژاردنەکان کە ئەتوانین بەکورتی ئاماژەیان پێبکەین: هەروەك لە برگەی یەکەمی مادەی ٤ ی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (٩)ساڵی ٢٠٢٠ ئاماژەی پێداوە، بەوەی  پەیوەندە بە مافی دەنگدانی گشتییەوە کە هەموو عێراقییەك ئەتوانێت ئەم مافەی خۆی بەکاربهێنێت بەبێ گرنگیدان بە رەگەزو رەچەڵەك و ئایین و ئایینزا و بیروباوەر و پێست و زمان و رەنگ و نەتەوە و باری ئابوری و پێگەی کۆمەلاّیەتی.(٦) پێوەرێکی تر تۆمارکردنی ناوی دەنگدەرانە بەشێوەیەکی رون و بێلایەنانە، وەپێویستە ئەو کەسانەی سەرپەرشتی دەنگدان دەکەن لە روی سیاسییەوە بێلایەن بن و لایەنگری هیچ حزبێك نەکەن و لە بەرژەوەندی هیچ یەك لە رکەبەرەکان کارنەکەن. هەروەها دەبێت هەڵبژاردنەکە کاریگەر و دادپەروەرانە بێت وە پێویستە هەموو لایەکی سەرپەرشتیکار لە پرۆسەکەدا بێلایەن بن لە هەموو

(١) د. عادل محمد القيار، الانتخابات ... لماذا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٥، ص١٣–١٤.

(٢) تنص المادة ٢٠ من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ على ان: (للمواطنين رجالاً ونساءً، حق المشاركة في الشؤون العامة، والتمتع بالحقوق السياسية، بما فيها حق التصويت والانتخاب والترشيح.)

(٣) روافد محمد علي عبد الرؤوف، التنظيم القانوني لانتخاب أعضاء مجلس النواب العراقي لعام ٢٠١٠ (دراسة في قانون الانتخابات العراقي رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥ المعدل والأنظمة الانتخابية)، بحث منشور في مجلة أهل البيت،السنة السادسة، العدد ١١، نيسان ٢٠١١، ص ١٠٣.

(٤) قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠، الوقائع العراقية، العدد ٤٦٠٣، في ٩ تشرين الثاني ٢٠٢٠م، سنة الثانية والستون. ينظر: الوقائع العراقية، العدد (٤٦٠٣) في ٢٠٢٠/١١/٩.

(٥) فارس كمال نظمي، قانون الانتخابات الجديد في العراق: تجميع الهوية الوطنية أم تشظيتها؟، مقالة منشورة على شبكة الالكترونية العربية نت، (٢٠٢١/٣/٥) https://www.alarabiya.net/politics/2020/11/16

(٦) تنص الفقرة الأولى من المادة ٤ من قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠ على أن : (الانتخاب حق لكل عراقي ممن توافرت فيه الشروط المنصوص عليها في هذا القانون لممارسة هذا الحق دون تمييز بسبب الجنس أو العرق أو القومية أو الأصل أو اللون أو الدين أو المذهب أو المعتقد أو الرأي أو الوضع الاقتصادي أو الاجتماعي.)

قۆناغەکانی دەنگداندا تادەگات بە راگەیاندنی ئەنجامی دەنگدانەکە. خاڵی گرنگ وەك پێوەرێکی بێخەوشی و دەستپاکی هەڵبژاردنەکان بریتییە لەوەی کە هەڵبژاردنەکان دەبێت بەشێوەی خولی بێت و هەر چەند ساڵ جارێك دوبارە ببێتەوە.[١]

بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان راستەقینەبن و دەربڕی رای دەنگدەران بێت بەشێوەیەکی ئازادانە، نابێت دەنگدەران بخرێنە ژێر هیچ جۆرە فشارێکەوە، جا چ فشاری جەستەیی بێت وەکو ئاژاوەنانەوە لەنزیك بنکەکانی دەنگدان و لێدان و کوشتنی پاڵێوراو یان لێدانی لایەنگرانی پاڵێوراوێك یان هەلگرتنی چەك بەشێوەی ئاشکرا لە بنکەی دەنگداندا، یاخود فشاری مەعنەوی بن وەك هەڵخەڵەتاندنی دەنگدەر بە بەڵێندان بە دامەزراندن یان لەرێگەی هەرەشەوە ئەگەر دەنگ بەکەسێك نەدەن، یان بەپێچەوانەوە ئەگەر دەنگ بەکەسێکی دیاریکراو بدەن لەکارەکانیان دوردەخرێنەوە. (سوێند دانی دەنگدەر بەوەی دەنگی بە چ لایەن و کەسایەتییەك داوە هەردەچێتە خانەی فشاری مەعنەوییەوە) وە فشاری دارایی یەکێکی ترە لە فشارەکان لەرێی گەندەڵکردنی ئیرادەی دەنگدەرەوە بە پێدانی پارەو بەخشیش و دیاری، کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر دەستپاکی پرۆسەی هەڵبژاردن و گۆرینی ئەنجامەکان و گەندەڵکردنی پرۆسەکە بەگشتی.[٢]

ئەگەر گریمانەی ئەوە بکرێت لەعێراقدا سەرەتایەکی نوێ سەریهەڵداوە بۆ حکومڕانیەکی باش و دیموکراتی، ئەوا دەبێ هەڵبژاردنەکان بە پاکی و بێخەوش بەڕێوەبچن و دەرئەنجامەکان راستەقینە بن، چونکە یەکێك لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی حکومڕانی باش بریتییە لە هەڵبژاردنی ئازادانە دور لەدەستێوەردان، خۆ ئەگەر پێچەوانەکەی راست بێت، ئەوا نابێ چاوەڕێی دەستپاکی هەڵبژاردن و دەرئەنجامی راستەقینەی لێبکەین.[٣]

سیستەمی هەڵبژاردن لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە، رەنگە سیستەمێك بۆ دەوڵەتێك گونجاو بێت و رێژەیەکی گونجاو لە دیموکراتیەت یان سەقامگیری سیاسی مسۆگەر بکات بەپێی بارودۆخی بابەتی و خۆیی دەوڵەتەکە. بە پێچەوانەوە پەیوەندی نییە بە برگەکانی یاسای هەڵبژاردنەکان و رێگاکانی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و نوێنەرایەتیکردن، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە پێکهاتەی کۆمەڵگاو سایکۆلۆجیەتی رەفتاری هەڵبژاردنی خەڵکەوە.[٤]

یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ لە (٥٠) مادە پێکهاتووە دابەشکراوە بەسەر ٩ بەشدا، بەشی یەکەم سێ مادە (١–٣) لەخۆدەگرێ، لەمادەی یەکەمدا پێناسەی چەندین چەمکی پەیوەندیداری بە هەڵبژاردنەوە کردوە، لە ماددەی دووەم و سێیەمدا ئامانجەکان و مەودای کارپێکردنی یاساکە رێکخراوە. بەشی دووەمی یاساکە لە ژێر ناونیشانی (ماف هەڵبژاردن) لەمادەکانی (٤– ٧)دا رێکخراوە، تیایدا باس لەم مافە و مەرجەکانی دەنگدەر و کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەی کردووە. بەشی سێیەم مادەکانی (٨– ١٢) تایبەتە بە (مافی خۆپاڵاوتن) کە مەرجەکان و رێگرییەکان بۆ پاڵێوراو دیاریکراوە. هەروەها بەشی چوارەم (بازنەکانی هەڵبژاردن) لە هەردوو مادەی ١٣ و ١٤ پێکدێت کە باس لەژمارەی کورسییەکان و کۆتاکان دەکات. بەشی پێنجەم لەهەردوو مادەی ١٥ و ١٦ پێکدێت لەژێر ناوی (سیستەمی هەڵبژاردن) کە ئاماژە دراوە بە ژمارەی بازنەکان و رێژەی نوێنەرایەتی ژنان. بەشی شەشەم بەناونیشانی (لیستی پاڵێوراوان) لە مادەی ١٧ دەستپێدەکات تا مادەی ٢١، باس لە تۆماری دەنگدەران و مەرجەکانی ئەکات. بەشی حەوتەم تایبەتکراوە بە(پروپاگەندەی هەڵبژاردن)، مادەکانی ٢٢– ٣٠ بۆ تەرخانکراوە و تیایدا رێگرییەکان و رێپێدراوەکان دەستنیشانکراون. بەشی هەشتەم مادەکانی ٣١– ٣٧ دەگرێتەوە تایبەتکراوە بە (حوکمە سزاییەکان) کە سزای تیا دیاریکراوە بۆ حاڵەتی سەرپێچیکردن لەحوکمی ئەم یاسایە و سەرپێچییەکانی هەریەك لەدەنگدەر و پاڵێوراوان، بەڵام بەشی نۆیەم و کۆتایی پێکهاتووە لە مادەکانی ٣٨ – ٥٠ بە ناونیشانی (حوکمە گشتییەکان و کۆتاییەکان) و پاشان هۆکاری دەرچونی ئەم یاسایە باسکراوە.[٥] ئەم یاسایە کار بە سیستەمی هەڵبژاردنی تاکی و سیستەمی زۆرینە دەکات، نەك کارکردن بەلیست و نوێنەرایەتی رێژەیی، وە سیستەمی فرە بازنەیی لەهەر پارێزگایەکدا پەیرەو دەکات.

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (٩)، عێراق بەگشتی کراوە بە ٨٣ بازنەی هەڵبژاردن، تیایاندا ٣٢٩ نوێنەر هەڵدەبژێررێت، کە ٣٢٠ کورسی بەپێی سنوری کارگێری پارێزگاکان دابەشکراوە، و (٩) کورسیش بە پێی پشکی کۆتا دابەشدەکرێت، بەرێژەی ٥ کورسی بۆ پێکهاتەی مەسیحی لە هەریەك لە شارەکانی بەغدا و نەینەوا و کەرکوك و دهۆك و هەولێر، لە پارێزگای نەینەوا (١)یەك کورسی بۆ ئێزیدییەکان و(١)یەك کورسیش بۆ شەبەك دەبێت، لە بەغدا (١) یەك کورسی بۆ سابئەی مەندائی، و لەپارێزگای واستیش (١) یەك کورسی بۆ کوردە فەیلییەکان دابین دەکرێت.[٦]

---

[١] صباح بالة، مفهوم الانتخابات، مقالة منشورة على الموقع الالكتروني الموسوعة السياسية، (٦/ ٣/ ٢٠٢١) https://political-encyclopedia.org/dictionary

[٢] د. عصام نعمة اسماعيل، النظم الإنتخابية دراسة حول العلاقة بين النظام السياسي والنظام الإنتخابي، منشورات زين الحقوقية، ط٢، لبنان، ٢٠١١، ص ١٦٣–١٦٨.

[٣] پشتیوان حمه سعید، ئاریان رەئوف عزیز، هەڵبژاردن و دیموکراسی گیرو گازی پەیوەندی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٤، ٢٠١٨، لاپەرە ١٣٤.

[٤] فارس كمال نظمي، مصدر سابق.

[٥] ينظر: قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠. الوقائع العراقية، العدد ٤٦٠٣، في ٩ تشرين الثاني ٢٠٢٠.

[٦] الفقرة أولاً وثانياً من المادة ١٣ من قانون الانتخابات رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

ژمارەی بازنەکانی هەر پارێزگایەك ئەکاتە لایەنی کەمی ژمارەی ژنان بۆ هەڵبژاردن لەو پارێزگایەدا، بەو واتایەی ئەگەر پارێزگایەك بریاربێت لایەنی کەم ٤ ژن ببێتە ئەندام پەرلەمان، ئەوا لەو پارێزگایەدا ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن بریتی دەبێت لە ٤ بازنەی هەڵبژاردن.[١] ئەگەر پارێزگای سلێمانی بەنمونە بهێنینەوە، بەپێی یاساکە ژمارەی بازنەکانی بریتییە لە ٥ بازنە کە تیایدا ١٨ نوێنەری دەبێت بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، بەو پێیە لە سلێمانی بەلای کەمەوە ٥ ژن هەڵدەبژێررێن، خۆ رەنگە لەو ژمارەیە زیاتر دەنگ بهێنن و کورسی مسۆگەر بکەن، بەڵام نابێت لە ٥ ژن کەمتر بێت. لە لیستی هاوپێچی یاسای ژمارە ٩ ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن لەپارێزگاکانی عێراقدا دیاریکراوە.

**داواکراوی دووەم: پەیوەندی نێوان یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ و یاسای هەڵبژاردنەکانی پێشوو:**

دوای روخانی رژێمی پێشوو لە ٢٠٠٣ و پێکهێنانی دەسەڵاتی کاتی، پێویستی دانانی یاسایەکی هەڵبژاردن هاتە ئاراوە، ئەویش یاسای ژمارە ٩٦ ساڵی ٢٠٠٤ بوو. لەراستیدا ئامانج لەدانانی ئەم یاسایە بریتی بوو لە پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تا ئەم ئەنجومەنە هەستێت بەدانانی پرۆژەی دەستور، وە یاساکە لەسەر بنەمای یەك بازنەیی دامەزرابوو، کە عێراقی کردبوو بەیەك بازنەی هەڵبژاردنەوە.[٢]

پاش دانانی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوو، رەنگە دەرچونی ئەم یاسایە لەدوای ساڵانێکی زۆر لەسەرکوتکردن و نادادپەروەری لەعێراقدا و ئەنجامدانی چەندین هەڵبژاردنی درۆینە و ناراستەقینە، یاسایەك بوبێت جێگەی ئومێدو هیوای زۆرینەی عێراقییەکان بوبێت، هەنگاوێك بوبێ بۆ نزیکبونەوە لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی لە عێراقدا. جێگەی ئاماژە بۆکردنە ئەم یاسایە یاسای ژمارە ٩٦ ی پێش خۆی هەڵوەشاندەوە.[٣] پاشان یاسای ژمارە (١٦)ش بە یاسای هەڵبژاردنی ژمارە٤٥ ساڵی ٢٠١٣ هەڵوەشایەوە.[٤]

ئەوەی جێگەی سەرنج و بەراوردکردنە لەم یاسایانەدا بە یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ بابەتی ماف خۆپاڵاوتنە. لەبرگەی یەکەمی مادەی ٦ یاسای ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە تەمەنی پاڵێوراو نابێ لە ٣٠ ساڵ کەمتر بێت.[٥] هەروەها یاسای ژمارە ٤٥ ساڵی ٢٠١٣، لە برگەی یەکەمی مادەی ٨ دەقیداوە: نابێت تەمەنی لەکاتی خۆپاڵاوتندا لە ٣٠ ساڵ کەمتر بێت. دواتر لەهەمواری ئەم یاسایەدا لە ٢٠/ ١١/ ٢٠١٧ تەمەنی پاڵێوراوی کەمکردەوە بۆ ٢٨ ساڵ،[٦] بەهەمان شێوەش یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ کەمترین تەمەنی پاڵێوراوی بە ٢٨ ساڵ دیاریکردووە.[٧]

لە راستیدا کەمکردنەوەی تەمەنی پاڵێوراو دەرفەتێکە بۆ گەنجان بتوانن خۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و رکابەری بکەن بۆ بردنەوەی کورسی وە ئەم یاسایە رێخۆشکەر دەبێت بۆ هاتنەپێشەوەی نەوەی تازە بۆ گۆرەپانی سیاسی، ئەمەش رێگایەکی یارمەتیدەرە بۆ گۆرینی نەخشەی سیاسی لە عێراقدا، جۆرێکیشە لە بەدەنگەوەهاتنی داخوازی گەنجانی خۆپیشاندەر.

تایبەت بە بروانامەی پاڵێوراو، برگەی پێنجەم لە مادەی ٦ یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠٥، برگەی چوارەمی مادەی ٨ یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٤٥ ساڵی ٢٠١٣، وەبرگەی چوارەمی مادەی ٨ یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ جەختیان لەسەر بروانامەی پاڵێوراو کردۆتەوە کە نابێ لە بروانامەی ٦ ئامادەیی یان هاوتاکەی کەمتر بێت[٨]، شایانی باسە هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (٤٥) لەساڵی ٢٠١٨ دا ئاستی بروانامەی بەرزکردەوە بۆ بەکالۆریۆس.[٩]

دەربارەی ژمارەی کورسییەکانی تەرخان کراو بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، لە یاساکاندا جیاوازی هەیە هەم لە روی ژمارەوە هەم لەروی کۆتاوە، یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە ٢٧٥ کورسی دیاریکردبوو، ٢٣٠ کورسی دابەشی بازنەکان کرابوو کە هەر پارێزگایەك بەپێی سنوری کارگێری بازنەیەکی هەڵبژاردن بوو، ٤٥ کورسیش بە قەرەبوو دابەشدەکرا.[١٠] وە لە

---

(١) د. أمجد حامد الهذال، قانون انتخابات مجلس النواب قراءة وتحليل، الموقع الالكتروني رواق بغداد: https://rewaqbaghdad.org (٢٠٢١/٣/٨)

(٢) ينظر: المادة (٣) من القسم الثالث لأمر سلطة الأئتلاف المؤقتة رقم (٩٦) لسنة ٢٠٠٤، المنشور في جريدة الوقائع العراقية، العدد ٣٩٨٤، حزيران ٢٠٠٤.

(٣) ينظر: المادة (٢٨) من قانون انتخابات مجلس النواب رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥. المنشور في الوقائع العراقية، العدد ٤٠١٠، في٢٣ /٢٠٠٥/١١.

(٤) ينظر: المادة ٤٧ من قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٤٥ لسنة ٢٩١٣، المنشور في الوقائع العراقية، العدد ٤٣٠٠، في ٢ كانون الأول ٢٠١٣.

(٥) الفقرة ١ من المادة ٦ من قانون الانتخابات رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥.

(٦) قانون تعديل قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم (٤٥) لسنة ٢٠١٣: المادة (٨) يلغى نص الفقرة (اولاً) والفقرة (رابعاً) من هذه المادة ويحل محله الاتي : اولاً: ان لايقل عمره عن (٢٨) ثمانية وعشرون سنة عند الترشيح.

(٧) الفقرة أولاً من المادة ٨ من قانون الانتخابات رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

(٨) الفقرة الرابعة من المادة ٨ من قانون رقم الانتخابات رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠ : أن يكون حاصلاً على شهادة الإعدادية على الأقل أو ما يعادلها

(٩) المادة (٢/ رابعاً) من قانون التعديل الاول رقم (١) لسنة ٢٠١٨ لقانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٤٥ لسنة ٢٠١٣، المنشور في الوقائع العراقية، العدد ٤٤٨١، في ٢٠١٨/٢/١٩.

(١٠) الفقرة الأولى والثانية من المادة ١٥ من قانون انتخابات رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥.

هەمواركردنەوەی یاساكەدا بەپێی یاسای ژمارە ٢٦ ساڵی ٢٠٠٩ مادەی ١٥ یاساكەی هەڵوەشاندەوە[١]، لەبڕگەی سێیەمدا كورسی كۆتاكانی بەم شێوەیە دیاریكرد، بۆ پێكهاتەی مەسیحی ٥ كورسی، دابەشدەبێت بەسەر پارێزگاكانی بەغدا و نەینەواو كەركوك و دهۆك و هەولێر. لە پارێزگای نەینەوا كورسییەك بۆ ئێزیدییەكان دابین دەكرێت، بۆ سابئەی مەندائی یەك كورسی لەپارێزگای بەغدا، وە لە پارێزگای نەینەوا كورسیەك بۆ شەبەك مسۆگەردەكرێت، وە لەبڕگەی چوارەمی هەمان یاسای هەمواردا ڕێژەی ٥٪ كورسییەكان وەكو كورسی قەرەبوو دیاریكردبو، ئەویش دابەش دەبێت بەسەر لیستەكاندا بەرێژەی ئەو كورسییانەی كە بەدەستی دەهێنن.[٢] بەو مانایەی كورسیە قەرەبوەكان كرا بە ١٥ كورسی، ٨ كورسی بۆ پێكهاتەكان وە ٧ كورسی دابەشدەكرێتەوە بەسەر قەوارە سەركەوتووەكاندا.[٣] بەڵام لە بڕگەی یەكەمی مادەی ١١ یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٤٥ ساڵی ٢٠١٣ دا ژمارەی كورسییەكانی بە ٣٢٨ كورسی دەستنیشان كردبوو، ٣٢٠ كورسی دابەشكردبوو بەسەر پارێزگاكاندا و ٨ كورسی كۆتاش بۆ پێكهاتەكان، پێكهاتەی مەسیحی ٥ كورسی دەبێت لە هەریەك لە شارەكانی بەغدا و نەینەوا و كەركوك و دهۆك و هەولێر. لە پارێزگای نەینەوا كورسییەك بۆ ئێزیدییەكان، لە بەغدا كورسییەك بۆ سابئەی مەندائی، وە كورسییەك بۆ شەبەك لە نەینەوا.[٤] وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا لەیاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٠ دا ژمارەی كورسییەكان بریتییە لە ٣٢٩ كورسی، ٣٢٠ كورسی بەپێی سنوری كارگێری پارێزگاكان دابەشكراوە بەسەر چەند بازنەیەكدا و ٩ كورسیش بە پێی پشكی كۆتا دابەشدەكرێت.[٥]

سەبارەت بە ڕێژەی ژنان لەئەنجومەنی نوێنەران لەو یاسایانەدا ئاماژەی پێدراوە، لەیاسای ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠٥، یاساكە دەڵێت لە لیستی ناوی پاڵێوراواندا لە سێ پاڵێوراوی یەكەمدا دەبێت یەكێكیان ژن بێت، لە شەش ناوی یەكەمدا پێویستە دووانیان ژن بێت وە تا كۆتایی لیستەكە بەو شێوە دەبێت.[٦] بەهۆی  چالاكی و ڕۆڵی ژنان لەبەشداری و توانای نوێنەرایەتیكردندا خۆیان سەپاند بە ڕێگا دەستوری و یاساییەكان لە چوارچێوەی سیستەمی كۆتای ژناندا، كە بەپێی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بڕیاری ڕێژەی ٢٥٪ لەكورسییەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقییان بۆدراوە.[٧] یاسای ژمارە ٤٥ ساڵی ٢٠١٣ باسی لە ڕێژەی ژنان كردووە كەنابێت لە ٢٥٪ پاڵێوراوان كەمتر بێت و لەناو ئەنجومەنیشدا دەبێت نوێنەرایەتی ژنان لەو ڕێژەیە كەمتر نەبێت، لەو لیستەی كە دادەنرێت دەبێت لە دوای ناوی هەر سێ پیاو بەزنجیرە ناوی ژنێك دابنرێت.[٨] لەیاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٠ ڕێژەی ژنان لەكاتی لیستی كراوەدا وا داناوە كەدەبێت لە دوای ناوی هەر سێ پیاوێك دەبێت ناوی ژنێك دابنرێت.[٩]

لەبابەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە هەر شتێك بۆ بانگەشە پێویست بێت تێچوی مادی هەیە، دەبێت لەچوارچێوەی یاسادا بێت و یاسای هەڵبژاردن بڕیاڕی لێئەدات، وە سەرچاوەی ئەو هاوكاری و پاڵپشتییە بەپێی یاسا ڕێگریكراوە لە پاڵێوراو كە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەكەی پشت ببەستێت بە سەرچاوەی مادی دەرەكی و بێگانە، جا چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ، بۆیە پێویستە پاڵێوراو لەم بوارەدا هەموو زانیارییەك بخاتەروو بۆ لیژنەی هەڵبژاردنەكان كە سەرچاوەی پاڵپشتی لەكوێوەیەو چەندی خەرجكردووە لەكاتی بانگەشەدا.[١٠]

یاسای ژمارە ١٦ساڵی ٢٠٠٥ باسی تێچوی ئەو بانگەشەیەی نەكردووە، بەڵام لەهەردوو یاسای  هەڵبژاردنی ژمارە ٤٥ ساڵی ٢٠١٣ و ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ ڕێگری كردووە لەوەی تێچوی ئەو بانگەشەیە لە دارایی گشتی یان لە سەر وەزارەتەكان بێت یان لە پارەی پشتیوانی دەرەكی بێت.[١١] لەبەشی شەشەمی یاسای ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠٥ تایبەت بە تاوانەكانی هەڵبژاردن، بڕیاردراوە لەسەر ئەوەی هەركەسێك یەكێك لەو كارانە ئەنجام بدات كە لەمادەی ٢٧ یاساكەدا هاتووە سزا ئەدرێت بەو سزایانەی لەیاسا بەركارەكاندا دیاریكراون.[١٢] بەڵام یاسای ژمارە ٤٥

---

(١) المادة ١٥ من قانون انتخابات رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥ التي تنص على: (أولاً: يتألف مجلس النواب من ٢٧٥ مقعداً منها توزع على الدوائر الانتخابية، و ٤٥ مقعداً تعويضياً. ثانياً: تكون كل محافظة وفقاً للحدود الادارية الرسمية دائرة انتخابية تختص بعدد من المقاعد يتناسب مع عدد الناخبين المسجلين في المحافظة حسب انتخابات ٣٠/ كانون الثاني/ ٢٠٠٥، المعتمد على البطاقة التموينية).

(٢) الفقرة الثالثة والرابعة من المادة الأولى من قانون رقم ٢٦ لسنة ٢٠٠٩ لتعديل قانون الانتخابات رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥.

(٣) قاسم حسن العبودي ، تأثير النظم الانتخابية في النظام السياسي دراسة مقارنة بالتجربة العراقية، دار ورد الاردنية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٢، ص ١٥٤.

(٤) الفقرة الأولى والثانية من المادة ١١ من قانون الانتخابات رقم ٤٥ لسنة ٢٠١٣.

(٥) الفقرة الأولى والثانية من المادة ١٣ من قانون الانتخابات رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

(٦) المادة ١١ من قانون الانتخابات رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥.

(٧) د. سرهنك حميد البرزنجي الأنظمة الانتخابية والمعايير القانونية الدولية لنزاهة الانتخابات، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، ٢٠١٥، ص٢٩.

(٨) الفقرة الأولى والثانية من المادة ١٣ من قانون الانتخابات رقم ٤٥ لسنة ٢٠١٣.

(٩) المادة ١٤ من قانون الانتخابات رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

(١٠) د. محمد منير حجاب، إدارة الحملات الانتخابية، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٧، ص ٦٣–٦٤.

(١١) المادة ٢٩ من قانون الانتخابات رقم ٣٤ لسنة ٢٠١٣ و المادة ٢٩ من قانون الانتخابات رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

(١٢) نصت المادة ٢٧ من قانون الانتخابات رقم ١ لسنة ٢٠٠٥ على: يعاقب بالعقوبات المنصوص عليها في القوانين النافذة كل من ارتكب أي فعل من الأفعال الآتية:

أ– الاقتراع أكثر من مرة واحدة.

ساڵی ٢٠١٣ بەشی حەوتەمی تەرخان کراوە بۆ تاوانەکانی هەڵبژاردن لەمادەکانی٣١ – ٣٧، کە سزای دارایی لەنێوان ٢٥٠٠٠٠ – ٢٥٠٠٠٠٠٠ دینار دیاریکردوە، وە بەندکردنی بۆ ئەو کەسانە داناوە لەنێوان یەك مانگ تا ساڵێك و زیاتر،[١] ئەگەر هەر تاوانێك ئەنجام بدەن کە لەیاساکەدا دەقی لەسەر هاتووە. وە یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ یش لەبەشی هەشتەم لە مادەکانی ٣١ – ٣٧ بۆ تاوانەکانی هەڵبژاردن، هەر هەمان رێچکەی مادەکانی یاسای پێشوی دوبارە کردۆتەوە .

یاسای ژمارە ١٦ ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژەیەکی رونی نەدابوو بە میکانیزمێك بۆ لیستی تۆماری دەنگدەران، بەڵام هەموارکردنەوەی بەیاسای ژمارە ٢٦ ساڵی ٢٠٠٩ ئەو ئاماژەیەی داوە، ئەویش بە پشت بەستن بە ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی بۆپارێزگاکان بۆ ساڵی ٢٠٠٥ کە رێژەی گەشەی دانیشتوانی بە تێکرای ٢,٨٪ دیاریکردووە بۆ هەر پارێزگایەك، وە هەر پارێزگایەك بە پێی سنوری کارگێری فەرمی یەك بازنەی هەڵبژاردن دەبێت، وە چەند کورسییەکی بۆ تەرخان دەکرێت کە بگونجێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە، بە پێی دوا ئاماری پسوڵەی خۆراك کە پشتی پێبەستراوە.[٢] بەڵام یاسای ژمارە ٤٥ ساڵی ٢٠١٣ دەقیداوە لەسەر لیستی تۆماری دەنگدەران، وە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەئامادەکردنی لیستی تۆماری دەنگدەران پشت ئەبەستێت بەتازەترین بنەمای زانیاری لیستی دەنگدەران بەپێی زانیاری پسوڵەی خۆراك و تازەکردنەوەی زانیارییەکان لە بنکەکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەراندا تا ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان.[٣] وە هەرچی یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ یشە دەقیداوە لەسەر ئەوەی کۆمسیۆن بۆ ئامادەکردنی لیستی تۆماری دەنگدەران پشت ئەبەستێت بەتازەترین ئاماری لیستی دەنگدەران بەپێی ئاماری پسوڵەی خۆراك، وەتازەکردنەوەی لە بنکەکانی تۆماری دەنگدەران تا ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان.[٤]

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی کارپێکراوە لەو بوارەدا سێ رێگا هەیە کە لەزۆربەی سیستەمە جیهانییەکاندا پەیڕەوی دەکەن:

**رێگەی یەکەم:** ئامادەکردنی لیستێکە بۆ ئەو خولی هەڵبژاردنە کە تەنیا بۆ یەك هەڵبژاردن کاری پێدەکرێت، وڵاتانی ئەفریقا کار بەم سیستەمە دەکەن و کەنەدا لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٧ دا ئەم سیستەمەی پەیڕەوکرد.

**رێگەی دووەم:** لیستی تۆماری هەمیشەییە، ئەم لیستە بەهەمیشەیی زانیاری تازەی تیا تۆمار دەکرێت ئەو کەسانەی بونەتە هاووڵاتی یان گەیشتنە تەمەنی پێگەیشتن و ئەتوانن دەنگ بدەن، وەلابردنی بۆ دەکرێت وەك مردوان یان ئەوانەی گواستراونەتەوە. ئەم رێگایە بەبەردەوامی کاری تیادەکرێت، وڵاتانی بەریتانیا، ئوسترالیا، و کەنەدا کار بەم رێگایە دەکەن.

**رێگەی سێیەم:** بەکارهێنانی تۆماری باری کەسێتییە، چەندین زانیاری کەسێتی تیادا پارێزراوە وەك ناو وناونیشان و تەمەن و ژمارەی تۆمار ... ئەم رێگایە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکای لاتینی پەیرەو دەکرێت.[٥]

جێگەی سەرنجە بەدرێژایی زیاتر لە ١٥ ساڵ و ٤ هەڵبژاردن لەعێراقدا تا ئێستا سەرژمێرییەکی گشتی دانیشتوان لەعێراق ئەنجام نەدراوە، وە هەموو هەڵبژاردنەکان پشت بەستوو بە پسوڵەی خۆراك، لیستی تۆماری دەنگدەران ئامادە کراوە، ئەمەش جێگەی رەخنەیە چونکە هەروەك ئەزانین پسوڵەی خۆراك کەموکوڕی و هەڵەی زۆری تێدایە، ژمارەکان ژمارەی راستەقینە نین، بەتایبەت لە نەسڕینەوەی ناوی مردوان لەو لیستەدا، گومان ئەخاتە سەر دەستپاکی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەموو قۆناغەکاندا.

---

ب– انتحل شخصية أو اسم غيره بقصد الاقتراع.

ج– رشح نفسه في أكثر من دائرة واحدة، أو أكثر من قائمة واحدة.

د– حمل سلاحاً نارياً أو أي أداة خطرة على الأمن في أي مركز من مراكز الاقتراع يوم الانتخابات.

هـ– الدخول بالقوة إلى مركز الاقتراع أو الفرز للتأثير على العمليات الانتخابية أو التعرض بسوء لأي من المسؤولين عن إجرائها.

و– التأثير على الانتخاب أو إعاقة العمليات الانتخابية.

ز– العبث بأي صندوق من صناديق الاقتراع أو الجداول الانتخابية أو الأوراق المعدّة للاقتراع أو سرقة أي من هذه الصناديق أو الجداول أو الأوراق أو إتلافها أو القيام بأي عمل بقصد المس بسلامة إجراءات الانتخاب وسريته.

ي– ارتكب أي عمل من الأعمال المحظورة المنصوص عليها في الفصل الخامس من هذا القانون.

[١] المادة (٣٢ و٣٣) تنص على: يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة ... بمعنى اكثر من سنة

[٢] المادة الاولى– أولاً والمادة الثانية من قانون رقم ٢٦ لسنة ٢٠٠٩.

[٣] المادة ١٧ من قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٣٤ لسنة ٢٠١٣.

[٤] المادة ١٨ من قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

[٥] د. عصام نعمة اسماعيل، مصدر سابق، ص ٩٦–٩٩.

## باسی دووەم/ سیستەمی هەڵبژاردنی یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ و ڕۆڵی لەسەر نەخشەی سیاسی عێراق:

لەگەڵ پێشکەوتنی سیستەمەکانی دەنگدانی گشتی و دەرکەوتنی پارتەسیاسییەکان، پەرلەمان بووە جێی بەشداری تێکڕای هاوڵاتیان بەهەموو جیاوازی و بەرژەوەندیە جیاجیاکانیانەوە. ئەم گۆرانکارییە لەرێگەی سیستەمەکانی هەڵبژاردنەوە سەریهەڵدا و بواری رەخساند بۆ ئەوەی نوێنەرانی هەموو دەستەو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بێنە ناو پەرلەمانەوە، لەوێ گوزارشت لەو هەموو جیاوازییە بکەن، مافەکان دەستەبەربکەن و ئەرکەکانیان لەئەستۆبگرن.

لێرەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە سیستەمەکانی هەڵبژاردن لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر لەیەکەیەکی سیاسیەوە بۆ یەکەیەکی سیاسی تر و بەپێی بارودۆخی تایبەتی و پرۆسەی پێشکەوتنی مێژوویی و سیاسی و سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رادەی فەراهەمبوونی دیموکراسی و پێشکەوتنی لایەنی ژیاری و کلتوریانەوە جیاواز دەبێت.[1]

### داواکراوی یەکەم: سیستەمی هەڵبژاردنی یاسای ژمارە(٩) و بەراوردکردنی بەسیستەمەکانی پێشوو:

هەروەك ئاشكرایە پرۆسەی هەڵبژاردن بەپێی چەند سیستەمێك بەرێوەدەچێت. مەبەست لەو سیستەمە جیاوازانە رێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنە لە بوارەکانی دیاریکردنی دەنگدەر و پاڵێوراوان و جیاکردنەوەی دەنگەکان و دیاریکردنی براوەی پرۆسەی دەنگدان.[2] هەڵبژاردن پێویستی بە سیستەمێکە لەتوانایدابێت ئارەزوی دەنگدەران بگۆرێت بۆ کورسی یان بۆ کۆمەڵێك نوێنەری هەڵبژێراو، ئەکرێت ئەم سیستەمە هەڵبژاردنە رێژەیی بێت، یان سیستەمی دەنگدانی زۆرینە بێت یان کار بە هەردوکیان بکرێت پێکەوە. سیستەمی هەڵبژاردنەکە هەرجۆرێك بێت، دەبێت میکانیزمێك هەبێت بۆ گۆرینی رێژەی دەنگەکان بۆ نوێنەرایەتیکردن. لەئەنجامی کۆبونەوەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە دەسەلمێنن یەك سیستەمی گونجاو نییە بۆ هەموو دەوڵەتان کاری پێبکرێت.[3] کەواتە سیستەمی هەڵبژاردن بریتییە لەو رێگایانەی کەدەنگدەر ئەتوانێت بەشێوەیەکی ئازادانە بۆچونی خۆی دەربرێت لەرێگەی دەنگدان بەو کەسەی بەشایستەی نوێنەرایەتی خۆی ئەزانێت، وە هەڵبژاردن بەپێی بنەمای ژمارەیی، کەسی سەرکەوتوو لەهەڵبژاردندا دیاریدەکرێت. یان ئەو رێگایەیە کە ژمارەی دەنگەکان لەهەڵبژاردنەکانەوە وەرئەگێرێ بۆ کورسی ئەنجومەنەکان.[4]

لەعێراقی دوای روخانی رژێمی پێشووەوە کار بەچەند سیستەمێکی هەڵبژاردن کراوە، بەپێی پێویستی سەردەم و بارودۆخەکە گۆرانکاری تیادا کراوە.

سیستەمی هەڵبژاردنی بریار لێدراو لەعێراق بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە پێی یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ دەبێت. یاساکە پارێزگاکانی دابەش کردووە بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، ئەمەش بە گوێرەی رێژەی کۆتای ژنان لە پارێزگاکەدا، واتە ئەگەر کۆتای ژنان لە پارێزگایەکدا ٥ نوێنەری ژن بێت وەکو پارێزگای سلێمانی، ئەوا بازنەکانی هەڵبژاردن لە سلێمانی ٥ بازنە دەبن.[5]

لەپێناوی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانداو تا رۆڵی بەرچاوی هەبێت، پێویستە دەستنیشانکردن لەسەر ژمارەی کەسانی دیاریکراو بێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی دەوڵەت دابەشدەکرێت بەسەر چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا کە هەڵبژاردنی تیادا ئەنجام بدرێت، بە بازنەی هەڵبژاردن ناودەبرێت.[6]

هەندێك ئەمە بە هەنگاوێکی ئەرێنی دەزانن چونکە پاڵێوراو لەناوچەکەی خۆیدا یان لە چوارچێوەی ئەو بازنەیەدا کە لێی دەژی خۆی بپاڵێوێت پەیوەندی راستەوخۆی دەبێت لەگەڵ دەنگدەرەکانی و دەنگدەر ئازادییەکی تەواوی هەیە بۆ دەنگدان بەو کەسەی کە مەبەستێتی، واتە ئاستی پێشبرکێکە ئەچێتە ئاستی بابەتی، کە تاچەند ئەو پاڵێوراوە شیاوە لەروی بەرنامەو بابەتەوە، بۆیە وا پێشبینی ئەکرێت لەسایەی ئەم

(1) یاسین ئاشوور جەوهەر – دڵشاد عەلی مەحمود، هەڵبژاردن وەك خواستێکی دیموکراسی و دەرهاویشتەکانی لەهەرێمی کوردستان خولی سێیەم و چوارەم بەنمونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی ٥، ژمارە ٤، ئابی ٢٠١٨، لاپەرە ١٠٨ – ١٠٩.

(2) جاي س جودوين–جيل، الانتخابات الحرة والنزيهة، ترجمة أحمد منيب، فايزة حكيم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٤، ص١٢.

(3) مكتب المؤسسات الديمقراطية وحقوق الانسان في منظمة الأمن والتعاون الاوروبي، المعايير والالتزامات الدولية حول حق اجراء الانتخابات الديمقراطية، ترجمة شيركو جودت، مطبعة رنج، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ٣٤–٣٥.

(4) د. سرهنك حميد البرزنجى، مصدر سابق، ص ١٢٥.

(5) ينظر الجداول المرفقة لقانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠، الوقائع العراقية، العدد ٤٦٠٣، تشرين الثاني ٢٠٢٠.

(6) وائل منذر حسون البياتي، الإطار القانوني للإجراءات السابقة على انتخابات مجلس النواب العراقي دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، الجامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠١١، ص ٨٦.

سیستەمەدا کەسانی شایستە و لێهاتوو بە توانای خۆیان دەربچن لەهەمان کاتدا گۆرانکاری بەسەر نەخشەی سیاسی ئەنجومەنی نوێنەراندا بێت.[1]

ئاراستەیەکی تر پێیان وایە ژمارەیەکی زۆری دەنگەکان بە فیرۆ دەچن، حزبەکان زەرەرمەندن لە پەیرەوکردنی ئەم سیستەمە، چونکە ژمارەی دەنگەکانیان هاوتای ژمارەی کورسیەکان نابێت، ئەم سیستەمە کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر فرە حزبی دەبێت و حزبە بچوکەکان زەرەرمەندی یەکەمن، ئەگەر حزبە گەورەکان و مام ناوەندەکان پەیرەوی رێگای زانستی نەبن کاریگەری بۆ ئەوانیش بەقەد حزبە بچوکەکانە، چونکە ژمارەی ئەو پالێوراوانەی کە حزب لە بازنەکەدا دەست نیشانیان دەکات، کاریگەری لەسەر ژمارەی ئەو کورسیانە دەبێت کە حزب بە دەستیان دێنێت، ئەو دەنگانەی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە پالێوراواندا دابەشدەبن، دەبێتە هۆی ئەوەی چانسی بردنەوە کاندید کەم بێت.[2]

مادەی ١٥ لە یاسای ژمارە ٩ سالی ٢٠٢٠ بازنەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی پارێزگایەك دابەشدەبێت بەسەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردندا و خۆپالاوتن لەسەر بنەمای کەسی دەبێت، و لیستی کراوەش کاری پێدەکرێت. مەبەست لە لیستی کراوە ئەوەیە رێگە بەدەنگدەر دەدرێت بە ئەندازەی ژمارەی کورسییەکانی ئەو بازنەی هەڵبژاردنەی دەنگدەر ناوی تێدا تۆمارکراوە، بژاردەی لەناو پالێوراوەکانی لیستی قەوارە سیاسییە جیاوازەکاندا هەبێت، لەم جۆرەدا تەنها دەنگ بەپالێوراوەکان دەدرێت نەك بە قەوارەی سیاسی، تا ئەو رادەیەی لەلایەن خۆیەوە ریزبەندییەکی نوێ لەناو کۆی پالێوراوەکانی قەوارە سیاسییە جیاوازەکاندا دروستدەکات.[3] واتە ریزبەندی پالێوراوان لە هەڵبژاردنەکاندا بە گوێرەی ژمارەی ئەو دەنگانەیە کە هەر پالێوراو بەدەستی هێناون و هەر پالێوراوێك زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا دەبێتە براوەی هەڵبژاردن، ئیتر گرنگ نییە دەنگی زۆر بەدەست دەهێنێت یان کەم، پاشان بە پێی ژمارەی دەنگەکان کەسەکانی تر دیاریدەکرێن. لەکاتی یەکسان بونی دەنگی نوێنەراندا بۆ دوا کورسی لەو بازنەی هەڵبژاردنەدا، پەنا ئەبرێت بۆ تیرو پشك بە ئامادەبونی پالێوراوەکان بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی ئەو دوا کورسییە کە دووپالێوراو یان زیاتر دەنگی یەکسانیان بەدەستهێناوە.[4]

لەیاساکەدا ئاماژە دراوە بە رێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان، نابێت کەمتر بێت لە ٢٥٪ ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، بە هەمان شێوە لە پارێزگایەکیشدا نابێت رێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە ٢٥٪ کەمتر بێت،[5] لەخشتەی هاوپێچی یاساکەشدا رێژەی کۆتای ژنانی دیاریکردووە بۆ هەر پارێزگایەك.

بۆ نمونە لە هاوپێچی یاساکەدا پارێزگای سلێمانی کراوە بە ٥ بازنەی هەڵبژاردنەوە، ژمارەی کورسییەکان ١٨ کورسی دەبێت، رێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان دەبێت ٥ کورسی بێت.

بۆ ئەوەی بەرچاو رونی زیاتر بدەین بەپێی هەردوو مادەی ١٥ و ١٦ بە نمونەیەکی گریمانەیی رونی ئەکەینەوە:

ئەگەر بازنەیەکی هەڵبژاردن لە ٤ کورسی پێکهاتبێت و ٧ کەس خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئەو کورسیانە پالاوتبێت، لەناویاندا پالێوراوی ژن هەبێت بەمجۆرەی لای خوارەوە یەکلادەبێتەوە:

| | |
|---|---|
| پالێوراوی ١ | دەنگی بەدەستهاتوو ١١٠٠٠ |
| پالێوراوی ٢ (ژن) | دەنگی بەدەستهاتوو ٥٠٠٠ |
| پالێوراوی ٣ | دەنگی بەدەستهاتوو ٦٠٠٠ |
| پالێوراوی ٤ | دەنگی بەدەستهاتوو ١٤٠٠٠ |
| پالێوراوی ٥ | دەنگی بەدەستهاتوو ١٦٠٠٠ |
| پالێوراوی ٦ | دەنگی بەدەستهاتوو ٢٠٠٠ |
| پالێوراوی ٧ | دەنگی بەدەستهاتوو ١٩٠٠٠ |

بەپێی ریزبەندی دەنگەکانی بەدەستهاتوو لە زۆرترینەوە بۆ کەمترین دەنگ بەم شێوەیە دەبێت:

| | |
|---|---|
| پالێوراوی ٧ | دەنگی بەدەستهاتوو ١٩٠٠٠ |

---

(١) د. علاء إبراهيم محمود الحسيني، قانون انتخابات مجلس النواب العراقي الجديد في الميزان، الموقع الالكتروني شبكة النبأ المعلوماتية، (٢٠١٩/١٢/٣١) (٢٠٢١/٣/٢٥) https://annabaa.org/arabic/rights/21702

(٢) سلێمان مستەفا حەسەن، نوێنەران بە سیستەمی یەك دەنگی نەگوێزراوە هەڵدەبژێردرێن، سایتی کوردستانی نوێ (٢٠٢٠/١٠/١٥) (٢٠٢١/٣/٢٥) https://knwe.org/?p=84176

(٣) ئارام جمال و د، دەرباز محمد، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠١٤، لاپەرە ٣٧ و لاپەرەکانی دواتر.

(٤) المادة ١٥ من قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

(٥) المادة ١٦ من قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

پاڵێوراوی ٥ دەنگی بەدەستهاتوو ١٦٠٠٠
پاڵێوراوی ٤ دەنگی بەدەستهاتوو ١٤٠٠٠
پاڵێوراوی ١ دەنگی بەدەستهاتوو ١١٠٠٠
پاڵێوراوی ٣ دەنگی بەدەستهاتوو ٦٠٠٠
پاڵێوراوی ٢ (ژن) دەنگی بەدەستهاتوو ٥٠٠٠
پاڵێوراوی ٦ دەنگی بەدەستهاتوو ٢٠٠٠

لە راستیدا چوار کورسییەکە دەبێت بۆ پاڵێوراوانی (٧، ٥، ٤، ١) بێت چونکە زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە کە بریتین لە (١٩٠٠٠، ١٦٠٠٠، ١٤٠٠٠و ١١٠٠٠) دەنگ، بەلاّم بەپێی ئەم یاسایە دەبێت کورسییەك بۆ نوێنەری ژن بێت، بۆیە پاڵێوراوی ژمارە ١ کە ١١٠٠٠ دەنگی بەدەستهێناوە لەریزبەندییەکە دەرئەچێت و پاڵێوراوی ژمارە ٢ کە پاڵێوراوێکی ژنە ٥٠٠٠ دەنگی بەدەستهێناوە دەچێتە جێگەکەی و کورسییەکە مسۆگەر دەکات. واتە ریزبەندییەکە دەگۆرێت بۆ (٧، ٥، ٤، ٢).

هەروەها یاسا نوێیەکە رێگریکردووە لە هەر نوێنەرێك یان حزبێك یان هەرپێکهاتەیەکی تۆمارکراو لە لیستی کراوەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، حزب و پێکهاتە یان ئیئتلافەکەی خۆی بەجێبهێڵێت و بگوێزێتەوە بۆ سەر لیستێکی تر بەلاّم لە دوای پێکهێنانی حکومەت دەتوانن جێگۆرکێ بکەن، دەکرێت ئەم مادەیە رێگر بێت لە رێکەوتنی ژێر بەژێر یان سەوداکردن بە دەنگەکانەوە.[1]

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ لەگەڵ یاساکانی پێش خۆی ئەتوانین لەچەند رویەکەوە سەیری بکەین:

لەروی بازنەکانی هەڵبژاردنەوە یاسای نوێ وڵاتی دابەشکردووە بەسەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردندا، رەنگە ئەمە خاڵێکی ئەرێنی بێت چونکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیرەو دەکرێت، ئامانجی سەرەکی لێی ئەوەیە لە لایەك بە ئاسانی دەنگەکان ئەژمێرێت، لە لایەکی ترەوە پەیوەندی بەهێز لە نێوان دەنگدەر و پاڵێوراودا دروست دەبێت و دەرفەتی زیاتریش لەبەردەم حیزبەکان و کەمینەکاندا ئەکرێتەوە کاتێك بیانەوێت بەسەربەخۆ خۆیان بپاڵێون.[2] ژمارەی کورسییەکانیش بە ٣٢٩ کورسی دیاریکراوە، ٣٢٠ بە پێی خشتەی هاوپێچی یاساکە دابەشکراوە بەسەر پارێزگاکاندا و ٩ کورسیش وەکو کۆتا بۆ پێکهاتەکان دیاریکراوە.[3] بۆ رێژەی ژنانیش وەك ئاماژەمان پێدا بەپێی ژمارەی بازنەکان دەبێت بەلایەنی کەمەوە. خۆ ئەگەر بەشداری ژن زیاتر بوو وە رێژەی زیاتر کورسی بەدەست هێنا ئەوا هیچ رێگرییەکی یاسایی نییە. بۆ چۆنێتی ژماردنی دەنگەکانیش هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بەپێی ژمارەی زۆرترین دەنگ دەبێت.

لە یاسای ژمارە ٩٦ ساڵی ٢٠٠٤ عێراق کرابوو بەیەك بازنەی هەڵبژاردنەوە، هەڵبژاردن بۆ ٢٧٥ ئەندام ئەکرا.[4]

بەپێی یاسای کارگێری دەوڵەتی کاتی، عێراق کرابوو بەیەك بازنەی هەڵبژاردنەوە، ئەوەی لێدەخوێنرایەوە لیستەکان بە ژمارە بوو، لەسەرتاسەری عێراق بڵاو دەکرایەوە بێ ئەوەی دابەشبکرێت بۆ ناوچە و پارێزگا، بەمەش هەموو حزب و دەستە و هاوپەیمانێتییەکی پاڵێوراو لەهەموو ناوچەکانی هەڵبژاردن ئامادەیی دەبوو.[5]

یاسای هەڵبژاردنی ژمارە١٦ ی ساڵی ٢٠٠٥ هەر پارێزگایەك بەپێی سنوری کارگێڕی بازنەیەکی هەڵبژاردن دەبو وە هەڵبژاردن بۆ ٢٧٥ کورسی دەکرا، ٢٣٠ کورسی دابەش دەبوو بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا و ٤٥ کورسیش قەرەبوو دەبوو.[6] ژمارەی کورسی ژنان لەم یاسایەدا بە ٨٢ کورسی دیاریکرابوو لە هەموو بازنەکانی هەڵبژاردندا، ئەگەر لەو ژمارەیە کەمتر بوایە ئەوا دەبوو ژن بچێتە جێی پیاو لەخوارەوەی لیستەکەو دەبوو ئەو ژمارە دیاریکراوە بۆ کۆتای ژنان بەدەست بێت.[7] وە بۆ ژماردنی دەنگەکان بەپێی نوێنەرایەتی رێژەیی بوو (التمثيل النسبي) وە رێگەی تێکرای بەهێز لە دابەشکردنی کورسییە ماوەکان پیادە کرا.[8] یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٤٥ ساڵی ٢٠١٣ بەهەمان شێوە هەر

(١) المادة ٤٥ من قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

(٢) د. سرهنك حميد البرزنجي، مصدر سابق، ص ٩٦.

(٣) المادة ١٣ من قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

(٤) القسم ٣ نظام التمثيل، (ثالثاً) من قانون الانتخابات، الأمر رقم ٩٦ لسنة ٢٠٠٤ الصادر عن سلطة الائتلاف المؤقتة: (٢- يتم اختيار أعضاء المجلس الوطني البالغ عددهم ٢٧٥ عضو)(٣- سيكون العراق دائرة انتخابية واحدة، وسيتم توزيع جميع المقاعد في المجلس الوطني على الكيانات السياسية من خلال نظام للتمثيل النسبي).

(٥) د. عادل محمد القيار، الانتخابات... لماذا، مصدر سابق، ص ٧٤.

(٦) المادة ١٥ من قانون انتخابات رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥:( أولاً : يتألّف مجلس النواب من (٢٧٥) مقعداً، (٢٣٠) مقعداً منها توزع على الدوائر الانتخابية، و(٤٥) مقعداً تعويضياً) (ثانياً: تكون كل محافظة وفقاً للحدود الإدارية الرسمية دائرة انتخابية تختص بعدد من المقاعد يتناسب مع عدد الناخبين المسجلين في المحافظة حسب انتخابات ٣٠/ كانون الثاني/ ٢٠٠٥ (المتعمد على نظام البطاقة التموينية)

(٧) قاسم حسن العبودي، مصدر سابق، ص ١٤٢.

(٨) مريوان عارف علي، النظام الانتخابي الملائم في العراق (دراسة وصفية تحليلية)، رسالة ماجستير قدمت الى كلية القانون جامعة السليمانية، السليمانية، ٢٠١٩، ص ١٦.

پارێزگایەك بەپێی سنوری کارگێری دەبووە بازنەیەکی هەڵبژاردن و چەند کورسییەکی بۆ دیاریدەکرا، کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوان، وە یاساکە ٣٢٨ کورسی دیاریکردبوو، ٣٢٠ کورسی دابەشکرابوو بەسەر بازنەکاندا کە لەپاشکۆکەدا ژمارەی کورسییەکانی دیایکردبوو، وە ٨ کورسی بە پشکی کۆتای پێکهاتەکان دیاریکردبوو.[١] ڕێژەی ژنان لەو یاسایەدا بە ٢٥٪ دیاریکردبوو، نەدەبوو نە لەلیستی پاڵێوراوان و نە لە نوێنەرایەتی ژن لە ئەنجومەنی نوێنەراندا لەو ڕێژەیە کەمتر بێت، لە لیستیشدا دەبوو ڕەچاوی ریزبەندی ژن بکرایە لەدوای ناوی هەر ٣ پیاو دەبوو ناوی ژنێك بهاتایە.[٢] وە بۆ ژماردنی دەنگەکان ڕێگەی سانت لیگۆی هەموارکراو لەدابەشکردنی کورسییەکاندا پەیرەوکرا کە دەنگەکان دابەشی ژمارەکانی (١,٦، ٣، ٥، ٧، ٩ ...) دەکراو ژمارەی کورسی ئەو بازنەیە دیاریدەکرا.[٣]

خاڵی گرنگ لە یاسای نوێدا، واتە یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیە کە بەپێی یاساکە کۆمسیۆن پشتبەست بە ئەنجامی ئەلکترونی لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەنجامە سەرەتاییەکان رادەگەیەنێت،[٤] لەکاتێکدا لە سیستەمی هەڵبژاردنەکانی پێشودا کاتێکی زۆری دەویست بۆ ئەژمارکردنی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان.

ئاشکرایە کە هەموو یاسایەك لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە هەروەها ئەم سیستەمە نوێیەش. بەڵام لە کۆتاییدا لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا یاساکان هەموو شتێك نین، بەڵکو ئەوەی زۆر گرنگە بریتییە لە هۆشیاری سیاسی زۆرینەی گەل، وە ڕادەی بەشداری کارای چڕوپڕ لە هەڵبژاردنەکاندا، پەرۆشی بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی، بوونی میکانیزمێکی تۆکمە بۆ لێپێچینەوەی یاسایی و مەعنەوی بۆ ئەو پاڵێوراوانەی بەڵێنەکانی خۆیان لە بەرامبەر گەلدا نابەنەسەر و ئەرکە نیشتمانی و ئاکارییەکانیان فەرامۆش دەکەن، گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ روبەڕوبونەوەی گزی و دەستکاریکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

**داواکاوی دووەم: کاریگەری یاسای هەڵبژاردن لەسەر ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.:**

دەرچونی هەر یاسایەك پەیوەندی هەیە بە کات و ئەو بارودۆخەوە کە یاساکەی تیادا دەرئەچێت، بۆیە ڕەنگە یاسایەك بۆ کاتێك و سەردەمێك گونجاو بێت بەڵام بۆ کات و سەردەمێکی تر نەگونجێت و پێویستی بە گۆڕانکاری هەبێت تا لەگەڵ سەردەمەکەدا بگونجێت .

ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بارودۆخی عێراقدا هاتووە، پێویستی بە دەرچونی یاسایەکی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانە تا بگونجێت لەگەڵ سەردەمەکەدا و ڕەنگدانەوەی شەقامی عێراقی بێت، لەم ڕوانگەیەوە پێویستی دەرچونی یاسایەکی نویٚ هاتەکایەوە کە وەڵامدەرەوەی شەقامی عێراقی بێت و ئەو قۆرغکارییەی لە هەڵبژاردنەکان و لە پەرلەماندا دەکرا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت یاسای ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کاریگەری هەبێت لە گۆڕینی نەخشەی سیاسی لە عێراقدا و لەپەرلەمانی عێراقدا .

ئەم یاسایە چەند تایبەتمەندی هەیە کە جیاوازە لە یاسای هەڵبژاردنەکانی پێش خۆی، پشتبەست بەم بۆچونە ئەگەری گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی عێراق پشتراست ئەکەینەوە. هەوڵ ئەدەین لە چەند ڕوویەکەوە ئەم بابەتە تاووتویٚ بکەین:

- ئەم یاسا نوێیە سیستەمی لیستی هەڵوەشاندەوە جا چ لیستی داخراو یان لیستی کراوەبێت، کە لە چوار خولی ڕابوردوی هەڵبژاردنەکاندا پەیڕەو دەکرا. کەسانی سەربەخۆ بە پێی ئەم یاسا نوێیە دەتوانن خۆیان کاندید بکەن بەبیٚ چونە ناو لیستێکی دیاریکراوەوە. ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە توانا و لێهاتویی کاندید ڕۆڵ دەبینێت بۆ هەڵبژاردنی، کە لە پێشودا پاڵپشتی حزبی هۆکاری هەڵبژاردنیان بوو، بۆیە ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرا کە کەسانی بیٚ توانا و ناکارامە دەنگیان دەهێنا، بەڵام وا چاوەڕوان دەکرێت لەسایەی ئەم سیستەمە تازەیەدا کەسانی بە توانا و لێهاتوو هەڵبژێردرێن بۆ پەرلەمان، کە بێگومان کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ئایندەی عێراق.[٥]
- بوار نادات بە پارتە سیاسییەکان دەنگەکان کۆبکەنەوە دابەشی بکەنەوە بەسەر لیستەکەدا و دەنگە بەدەستهاتووەکان بگوازرێتەوە بۆ ئەندامانی تری هەمان لیست. لە هەڵبژاردنی پێشودا ئەگەر سەرۆکی لیستەکە یان هەر کاندیدێکی تر دەنگی زۆری بەدەست بهێنایە، ئەوا نرخی کورسییەکەی چەند بوایە لێی دەردەکراو زیادەکەی ئەڕۆشت بۆ کاندیدەکانی تر، وەیان ئەگەر کاندیدێك دەنگی پێویستیشی نەهێنایە ئەوا

---

[١] د. على هادي حميدي الشكراوي، قراءة تحليلية في قانون الانتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٤٥ لسنة ٢٠١٣، بحث منشور، متاح على الصفحة الألكترونية/ جامعة بابل http://www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/service_showarticle.aspx?fid=7&pubid=6025

والمادة ١١ من قانون رقم ٤٥ لسنة ٢٠١٣ (أولاً: يتكون مجلس النواب من ٣٢٨ مقعداً يتم توزيع ٣٢٠ مقعداً على المحافظات وفق لحدودها الادارية وفقا للجدول المرفق بالقانون وتكون ٨ مقاعد منها حصة كوتا المكونات).

[٢] المادة ١٣ من قانون رقم ٤٥ لسنة ٢٠١٣ : أولاً: يجب ان لا يقل عدد النساء المرشحات عن ٢٥٪ في القائمة وان لا تقل نسبة تمثيل النساء في المجلس عن ٢٥٪. ثانياً: يشترط عند تقديم القائمة ان يراعي تسلسل النساء بنسبة امرأة بعد كل ثلاثة رجل.

[٣] المادة ١٤ من قانون رقم ٤٥ لسنة ٢٠١٣: يتم توزيع المقاعد على القوائم المتنافسة وفقا لنظام سانت ليكو المعدل.

[٤] المادة ٣٨ من قانون رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠: أولاً: تعتمد المفوضية أجهزة تسريع النتائج الألكترونية وتلتزم باعلان النتائج الاولية خلال ٢٤ ساعة من انتهاء الاقتراع ...)

[٥] د. علاء إبراهيم محمود الحسيني، قانون انتخابات مجلس النواب العراقي الجديد في الميزان مركز آدم للدفاع عن الحقوق والحريات https://annabaa.org/arabic/rights/21702

دەنگەکانی کە بەدەستیهێناوە کۆدەکرایەوە و بە قازانجی لیستەکەی ئەژمار دەکرا،[١] بەڵام لەم یاسا نوێیەدا پەیڕەوی زۆرینەو کەمینە دەکرێ، هەر کاندیدێك زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا، دەبێتە براوەی هەڵبژاردن بە بێ گوێدان بە نرخی کورسی،[٢] بەو مانایەی دەنگەکانی بەدەستی هێناوە ناڕوات بۆ کاندیدێکی تر یان بۆ لیستەکەی. ئەمە ترسی گەورەی لای پارتەکان دروست کردووە، چونکە ئەو پارتانەی کە لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ تا ئێستا لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا کورسییەکانیان بە جۆرێك مسۆگەر بوو وە دەبونە براوەی هەڵبژاردن، لە ئێستادا ئەمە جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێی لەلا دروستکردون، هەر بۆیە پەنایان بردۆتە بەر هاوپەیمانێتی جا چ بائاشکرا بێت وەیان ڕێکەوتنی ژێر بەژێر بۆ مسۆگەرکردنی کورسییەکان.[٣]

ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بکرێت بۆ دابەشکردنی کاندیدەکان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا ئەم بۆچونەمان ڕاست دەردەچێت، کاتێك پارتێکی خاوەن هێز و دەسەڵات لە ناوچەیەکدا تەنیا یەك کاندیدی هەیە یان هەر کاندیدی نییە، لە بەرانبەردا لە بازنەیەکی تردا چەند کاندیدێکی هەیە کە ڕەنگە جێگەو پێگەی لاوازیش بێت لەو بازنەیەدا، ئەوە دەرخەری ئەو بۆچونەیە کە پارتەکان ڕێگەیان داوە بەیەکتر بۆ مسۆگەرکردنی کورسییەکان و نەفەوتانی دەنگەکان، ئەگەرچی بە شێوازێکی ئاشکراش هاوپەیمانێتییان نەکردبێت.

- لەڕوی گزیکردن و دەستکاریکردنی دەنگەکانەوە، وا پێشبینی دەکرێت ئەم یاسا نوێیە دەرفەتی کەمی هێشتبێتەوە بۆ گزیکردن، چونکە بەبەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو کە عێراق هەمووی یەك بازنەی هەڵبژاردن بوو[٤]، یان هەر پارێزگایەك بازنەیەکی هەڵبژاردن بوو[٥] ڕەنگە ڕێژەی دەنگدەر لەپارێزگایەکدا (٢) ملیۆن کەس بوبێت و دەرفەتی گزیکردن زۆرتر بوبێت، بەڵام بە پێی ئەم یاسا نوێیە ئەو ژمارەیە دابەشبووە بۆ چەند بازنەیەکی بچوك، ڕێژەی دەنگدەران دابەشدەبێت بەسەر بازنەکاندا بۆیە ڕێژەی دەنگدەران زۆر کەمترە لەو ڕێژەیەی لە پێشودا هەبووە بەهەمان شێوە ژمارەی کاندیدەکانیش زۆر کەمترە، ڕەنگە لە بازنەیەکدا نەگاتە (١٠) کاندید، بۆیە کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن و ڕێگەگرتن لە گزیکردن زۆر ئاسانترە پێشبینی دەکرێت بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمبێتەوە.
- هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەم سیستەمە تازەیەدا وا پێشبینی ئەکرێت بە شێوەیەکی ئارامتر بەڕێوەبچێت و تێچووەکەشی بەبەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو کەمتر بێت، لەبەر ئەوەی بازنەی هەڵبژاردنەکان بچوکە کاندید ناچار نییە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ناوچەیەکی فراواندا بەڕێوە بەرێت، تەنیا لەو بازنەیەدا هەڵمەتەکە ئەنجام ئەدات کە سنوری دەنگدانی خۆیەتی وە پێوستی بە بڵاوکردنەوەی پۆستەر و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن نییە، تەنیا لە سنورەکەی خۆی نەبێت بۆیە ئەمەش تێچویەکی کەمتری ئەبێت.

ئەکرێت بوترێت ئەمە کاریگەری لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارتە سیاسیەکانیش دەبێت و ڕۆڵیان کەمدەکاتەوە، چونکە کاندیدەکە لەو ناوچەیەی خۆیدا دەناسرێت و توانا و لێهاتویی خۆی ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت بۆ هەڵبژاردن و سەرکەوتنی، وە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان دەنگدەر و کاندیدا، بە پێچەوانەوە لەهەڵبژاردنەکانی پێشودا ئەم ئەرکە لەسەر شانی کاندید کەمتربوو بەوەی پارتە سیاسیەکان هەڵمەتەکەیان بە قازانجی کاندیدەکانیان بەڕێوە ئەبرد لە هەموو ناوچەکاندا، جار هەبوو هیچ پەیوەندییەك لەنێوان دەنگدەرو کاندیدا نەبوو تەنیا لەسەر ڕاسپاردەی حزبەکە خەڵکی ناوچەکانی تر دەنگیان پێی ئەدا کە ئەندامی ئەو پارتە بون.

- لەبەر ئەوەی بازنەکان سەربەخۆن و بچوکن، ژمارەی دەنگدەران تیایدا دیاریکراوە بۆیە کۆنترۆڵکردنی چاودێری تیایدا زۆر ئاسانترە، وە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش زۆر بەخێرایی ئەکرێت دەربچێت، چونکە بازنەیەکی هەڵبژاردن پەیوەندی بە بازنەیەکی ترەوە نییە. بۆیە هەربازنەیەك سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەیە و ئەتوانێت دوای چەند کاتژمێرێك لە داخستنی سندوقەکانی دەنگدان، دەنگەکان جیابکاتەوە و ئەژماری بکات وە ئەنجامەکە دەربکەوێت. هەروەك لە مادەی ٣٨ یاساکەدا، کۆمسیۆن پشتبەست بە ئامێری ئەلکترۆنی لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا ئەنجامە بەرایییەکان ڕادەگەیەنێت.[٦]

ئەمانە ئەو خاڵانەبون ئەکرێت پێشبینی بکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە عێراقدا ئەوەیە کە سیستەمی پەرلەمانی لەعێراقدا سەرکەوتوو نییەو شکستخواردوو بووە. هۆکاری ئەوە بۆ نەبونی هێزێکی بەرهەڵستکاری ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە کە لە پەرلەماندا بونی نییە، هەروەك ئەو سیستەمە پەرلەمانییە پێشکەوتوانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدی دەکرێت، کاتێك پارتێکی

---

[١] قاسم حسن العبودي، مصدر سابق، ص ٦٤.

[٢] المادة ١٥ من قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠.

[٣] هاوپەیمانێتی ئاشکرا وەك ئەوەی لە عێراق کراوە، هاوپەیمانێتی (النصر – الحكمە)، هاوپەیمانێتی (الفتح) لە لایەنە شیعییە چەکدارەکان پێکدێت وەکو عەسائبی ئەهلی حەق و بەدرو النجبا ء لەهەرێمی کوردستانیش لە نێوان دوو پارتی سەرەکیدا هاوپەیمانێتی ئەنجامدراوە کە بریتیین لە یەکێتی نیشتمانی کوردسنان و بزوتنەوەی گۆڕان.

[٤] القسم ٣ نظام التمثيل، (ثالثاً) من قانون الانتخابات، الأمر رقم ٩٦ لسنة ٢٠٠٤ الصادر عن سلطة الائتلاف المؤقتة.

[٥] الفقرة الثانية من المادة ١٥ من قانون الانتخابات رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥.

[٦] المادة ٣٨ من قانون رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠: أولاً: تعتمد المفوضية أجهزة تسريع النتائج الألكترونية وتلتزم باعلان النتائج الاولية خلال ٢٤ ساعة من انتهاء الاقتراع ...)

سیاسی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت ئیتر بەشداری لە دروستبونی حکومەتدا ناکات و لە پەرلەماندا ئەبێتە هێزی بەرهەڵستکار و دەبێتە چاودێرێکی ڕاستەقینە بەسەر کاروبارەکانی دەوڵەتەوە. بەڵام بەداخەوە لە عێراقدا ئەم حاڵەتە تەندروستەی حوکمڕانی بەدی ناکرێت، پارتە سیاسییەکان بە پێی دەنگەکانی خۆیان بەشداردەبن لە حکومەتدا، بۆیە چاودێرییەکی کارا بەدی ناکرێت بەسەر کارەکانی حکومەتەوە لەلایەن پەرلەمانەوە، زۆر جاریش حکومەت ڕێگری و ئاستەنگ دروست دەکات لە بەردەم لێپرسینەوە و بانگهێشتکردنی ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە بە پێی یاسا پەرلەمان ئەتوانێت هەرکات بیەوێت لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات[1]، تەنانەت خودی سەرۆك وەزیرانیش ملکەچە بۆ لێپرسینەوە و ئاراستەکردنی پرسیار، ئەویش لە چوارچێوەی چاودێری پەرلەمانیدا[2]. ئەم حاڵەتە ناتەندروستە لە ڕابوردو و ئێستاشدا کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر سەرجەم سێکتەرە خزمەتگوزارییەکان لە عێراقدا و گەیشتۆتە نزمترین ئاست، هەروەها ئەمە بۆتە هۆکارێك بۆ بڵاوبونەوەی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات بەشێوەیەکی بەرفراوان[3]. ئەم حاڵەتە بێ کاریگەری نەبووە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەعێراقدا، چونکە هەموو پارتە سیاسییەکان هەریەکەیان بە ئەندازەی دەنگەکانیان بەشدارن لە حکومەتدا، بەشێکن لە خراپ بەڕێوەچونی کاری حکومەت، لەلایەکی تریشەوە پارتە سیاسییەکانی بەشدار لەحکومەتدا هەمویان بەڕێژەی جیاواز هێز و چەك و پارەیان لەبەردەستدایە، بەهۆی بەکارهێنانی ئەو هێز و دەسەڵاتە وبەخشینەوەی پارەو دیاری، هۆکارێك بووە بۆ گەندەڵکردنی دەنگی دەنگدەران و کاریگەری هەبووە لەسەر پاکی و بێگەردی هەڵبژاردنەکان. لەلایەکی ترەوە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر بەشداری و بەدەنگەوە هاتنی دەنگدەران بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگداندا، چونکە ئەو جیاکارییە لەنێوان هاوڵاتیاندا بە پێدانی پارەو بەخشیش و دیاری بۆ هەندێك و پشتگوێ خستنی هەندێکی تر، بووە بە هۆی بێزاری خەڵك و کار گەیشتۆتە ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا نەکەن و پێیان وابێت بەشداری کردن وبەشداری نەکردن وەك یەکە و دەستێوەردان ئەکرێت لە هەڵبژاردندا، بۆیە مانایەکی ڕاستەقینە نامێنێتەوە بۆ دەنگدان.

## کۆتایی

لەکۆتایی ئەو تۆژینەوەیەماندا گەیشتینە کۆمەڵێك دەرەنجام و ڕاسپاردە لێرەدا گرنگترینیان دەخەینە ڕوو:

**دەرئەنجامەکان:**

١– یاسادانەر گرنگی زۆری داوە بە ڕۆڵی ژنان لەم هەڵبژاردنەدا ڕێژەی نوێنەرایەتی کردنیانی لەئەنجومەنی نوێنەراندا بە ٢٥٪ دیاریکردووە، هەروەك لەمادەی ١٦ ئاماژەی بۆکراوە، ڕێژەیەکی زۆرە بەبەراورد بە وولاتە دیموکراسییە پێشکەوتووەکان.

٢– بەهەمان شێوە یاسادانەر گرنگی بە پێکهاتەکان داوە و کورسی کۆتای بۆ تەرخانکردون و هەروەك لەمادەی ١٣ دا ئاماژەی پێکراوە بە تەرخانکردنی ٩ کورسی کۆتا بۆ پێکهاتەی مەسیحی و ئێزیدی و سابئەی مەندائی و شەبەکی و کوردە فەیلییەکان.

٣– یاسای ژمارە (٩) لە مادەی ٩ جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێ کاندید لەکاتی خۆ پالاوتندا سەر بەهێزە چەکدارەکان یان دەزگا ئەمنییەکان یان ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بێت، بەڵام لەیاساکەدا باسی کۆکردنەوەی دوو ئەرکی نەکردووە و ڕێگری نەکردووە.

٤– کەسی سەربەخۆ بۆی هەیە خۆی کاندید بکات، وەکو چۆن هەر پارتێکی سیاسی بۆی هەیە خەڵکانی خۆی کاندید بکات، بەمەرجێك بەرنامەیەکی هەبێت بۆ کارکردن و خزمەتکردن لە ئەگەری هەڵبژاردندا، هەروەکو لە مادەی ١٢ یاساکەدا هاتووە.

٥– پێوەری دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای کۆتای ژنانە، عێراق دابەشکراوە بە سەر ١٨ پارێزگادا و هەرپارێزگایەکیش بۆ چەند بازنەی هەڵبژاردن کە یەکسانە بە لایەنی کەمی ژمارەی هەڵبژاردنی ژنان لەو بازنەی هەڵبژاردنەدا.

٦– ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ماوەیەکی کورتدا لەلایەن کۆمسیۆنەوە بەسود وەرگرتن لە ئامێرەکانی خێراکردنی ئاشکراکردنی ئەنجامەکان و بەچاودێری کۆمپانیا جیهانییە ڕەسەنەکان کە پسپۆری هەیە لە بواری تەکنەلۆجیادا بۆ پشکنینی بەرنامەو ئامێری هەڵبژاردنەکان.

**ڕاسپاردەکان:**

١– لە پەرلەمانی عێراقدا بە فەرمی بڕیاری بە پارێزگابونی هەڵەبجە دراوە بۆیە پێشنیار دەکەین بەهەمان شێوەی پارێزگاکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لە هەڵبژاردنی داهاتودا کورسی تایبەت بە پارێزگاکە هەبێت، ئەویش بەهەموارکردنی ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و زیادکرنی ناوی هەڵەبجە شانبەشانی پارێزگاکانی تری عێراق لە لیستی هاوپێچی یاساکەدا، نەك وەك هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە سەربە پارێزگای سلێمانی بێت.

---

[1] بەپێچەوانەی یاساو سیستەمی ناوخۆی پەرلەمان، بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ڕێگە نادرێت بە بانگهێشت کردن و لێپرسینەوەی وەزیرەکان لەلایەن پەرلەمانەوە.

[2] المادة ٣٢ من النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي.

[3] إيثار عبود كاظم الفتلي، الفساد الاداري والمالي وآثاره الاقتصادية والاجتماعية في بلدان مختارة، رسالة ماجستير، جامعة كربلاء، ٢٠٠٩، ص ١٠٤ و ١٠٥.

٢– بۆ رێگەگرتن لە گزیکردن و دەستکاریکردنی دەنگەکان، پێویستە چاودێرییەکی ورد هەبێت بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت سەرپەرشتی بەرێوەچونی هەڵبژاردنەکان بکات.

٣– بەپشت بەستن بەپێشنیاری پێشوو هەوڵی گەراندنەوەی متمانە بدرێ بۆ هاوولاتی لەپێناو دەستەبەرکردنی بەشداریان لە هەڵبژاردنەکاندا، چونکە لەهەڵبژاردنەکانی رابردوو تێبینی کراوە رێژەی بەشداری هاوولاتیان زۆر لاواز بووە بەهۆی نەمانی متمانەی هاوولاتی بە هەڵبژاردن و دەسەلاتی سیاسی. ئەویش بەرێزگرتن لە پێوەرو بنەما بنەرەتیەکانی هەڵبژاردن، تاوەکو هاولاتیان بەشداری فراوان بکەن، و رێگە خۆش نەکرێت بۆ دەسەلاتی سیاسی خۆی سندوقەکانی دەنگدان پربکاتەوە.

٤– برگەی چوارەم/ مادەی ٨ یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ رێگە ئەدات بە هەڵگرانی بروانامەی دواناوەندی خۆیان کاندید بکەن، پێویست بوو لەم بارەیەوە یاسادانەر جەختی لەسەر بروانامەی لایەنی کەم بەکالۆریۆس بکردایەتەوە، پێشنیار دەکەین مەرجی خوێندن و ئاستی بروانامە بەرزبکرێتەوە لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت، لەبەر گرنگی پسپۆرێتی و بەتایبەت لەپرۆسەی یاساداناندا کە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بەسەر لایەنە گرنگەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی کۆمەلگاوە.

٥– ئەو سزایانەی لە مادەکانی ٣١– ٣٧ یاساکە هاتووە، ئێمە پێمان وایە سزای سوکن وە پێویستە قورستر بکرێت، زۆرترین سزای دارایی لەمادە ٣٧ یاساکەدا هاتووە ٢٥ ملیۆن دینارە بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێکی هەڵبژاردن کەلایەنەکان دەستیان تیایدا هەبێت. لەکاتێکدا حیزبە سیاسیەکان دەیان ملیار دینار خەرج دەکەن بۆ کرینی دەنگ و ویژدانی خەڵك، بۆیە ئەو برە پارەیە وەك سزا هیچ کاریگەرییەکی نابێت لە رێگە گرتن لە ئەنجامدانی تاوانی هەڵبژاردن.

٦– کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەرچەندە ئەندامەکانی دادوەرن، بەلام لەسەر بنەمای پشکی حیزبی و تیرەگەری دانراون و ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر کارکردن و دەستپاکی کۆمسیۆن، کاتی ئەوە هاتووە عێراق لە پشك پشکێنە خۆی دەرباز بکات و کۆمسیۆنێك هەڵببژێرێت کە بە مانا راستەقینەکەی سەربەخۆ بێت لەحیزب و لەنەتەوەو لە ئایین و ئاینزا.

## سەرچاوەکان


**کتێبەکان:**

- ئارام جمال و د، دەرباز محمد، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠١٤.
- جاي س جودوين–جيل، الانتخابات الحرة والنزيهة، ترجمة أحمد منيب، فايزة حكيم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٤.
- حوجەتوڵا ئەیوبی، ئەحمەد نەقیب زادە، دنیس کاوانك، هەڵبژاردن شێوەو تایبەت مەندییەکانی، وەرگێرانی ئەبو بەکر خۆشناو، چاپ و کۆمپیوتەری روناکبیری، ٢٠٠٣.
- لاري الويتز، نظام الحكم في الولايات المتحدة الأمريكية، ترجمة جابر سعيد عوض، الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، القاهرة، مصر، ١٩٩٦.
- د. محمد منير حجاب، إدارة الحملات الانتخابية، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٧.
- مكتب المؤسسات الديمقراطية وحقوق الانسان في منظمة الأمن والتعاون الاوروبي، المعايير والالتزامات الدولية حول حق اجراء الانتخابات الديمقراطية، ترجمة شيركو جودت، مطبعة رنج، السليمانية، ٢٠٠٤.
- د. سرهنك حميد البرزنجي الأنظمة الانتخابية والمعايير القانونية الدولية لنزاهة الانتخابات، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، ٢٠١٥.
- د. عادل محمد القيار، الانتخابات ... لماذا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٥.
- د. عصام نعمة اسماعيل، النظم الإنتخابية دراسة حول العلاقة بين النظام السياسي والنظام الإنتخابي، منشورات زين الحقوقية، ط٢، لبنان، ٢٠١١.
- قاسم حسن العبودي ، تأثير النظم الانتخابية في النظام السياسي دراسة مقارنة بالتجربة العراقية، دار ورد الاردنية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٢.

**نامەی زانکۆیی:**

- إيثار عبود كاظم الفتلي، الفساد الاداري والمالي وآثاره الاقتصادية والاجتماعية في بلدان مختارة، رسالة ماجستير، جامعة كربلاء، ٢٠٠٩، ص ١٠٤ و ١٠٥.
- وائل منذر حسون البياتي، الإطار القانوني للإجراءات السابقة على انتخابات مجلس النواب العراقي دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، الجامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠١١.

- مريوان عارف علي، النظام الانتخابي الملائم في العراق (دراسة وصفية تحليلية)، رسالة ماجستير قدمت الى كلية القانون جامعة السليمانية، السليمانية، ٢٠١٩.

**بلاوكراوەكان:**

- پشتیوان حمه سعید، ئاریان رەئوف عزیز، هەڵبژاردن و دیموکراسی گیرو گازی پەیوەندی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٤، ٢٠١٨، لاپەرە ١٣٤.
- یاسین ئاشوور جەوهەر – دڵشاد عەلی مەحمود، هەڵبژاردن وەك خواستێکی دیموکراسی و دەرهاویشتەکانی لەهەرێمی کوردستان خولی سێیەم و چوارەم بەنمونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی ٥، ژمارە ٤، ئابی ٢٠١٨.
- روافد محمد علي عبد الرؤوف، التنظيم القانوني لانتخاب أعضاء مجلس النواب العراقي لعام ٢٠١٠ (دراسة في قانون الانتخابات العراقي رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥ المعدل والأنظمة الانتخابية)، بحث منشور في مجلة أهل البيت،السنة السادسة، العدد ١١، نيسان ٢٠١١.

**دەستورەكان:**

- أمر سلطة الائتلاف المؤقتة رقم ٩٦ لسنة ٢٠٠٤
- دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥

**یاساکان**

- قانون الانتخابات، الأمر رقم ٩٦ لسنة ٢٠٠٤ الصادر عن سلطة الائتلاف المؤقتة
- قانون الانتخابات رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥.
- قانون الانتخابات رقم ٤٥ لسنة ٢٠١٣
- قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٩ لسنة ٢٠٢٠
- الوقائع العراقية، العدد ٤٣٠٠، في ٢ كانون الأول ٢٠١٣.
- الوقائع العراقية، العدد ٤٦٠٣، في ٩ تشرين الثاني ٢٠٢٠.
- النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي.

**پێگە ئەلکترۆنییەکان**

- د. أمجد حامد الهذال، قانون انتخابات مجلس النواب قراءة وتحليل، الموقع الالكتروني رواق بغداد: https://rewaqbaghdad.org
- فارس كمال نظمي، قانون الانتخابات الجديد في العراق: تجميع الهوية الوطنية أم تشظيتها؟، مقالة منشورة على شبكة الالكترونية العربية نت، https://www.alarabiya.net/politics/2020/11/16
- سلێمان مستەفا حەسەن، نوێنەران بە سیستەمی یەك دەنگی نەگوێزراوە هەڵدەبژێردرێن، سایتی کوردستانی نوێ https://knwe.org/?p=84176
- د. علاء إبراهيم محمود الحسيني، قانون انتخابات مجلس النواب العراقي الجديد في الميزان مركز آدم للدفاع عن الحقوق والحريات https://annabaa.org/arabic/rights/21702
- د. على هادي حميدي الشكراوي، قراءة تحليلية في قانون الانتخابات مجلس النواب العراقي رقم ٤٥ لسنة ٢٠١٣، بحث منشور، متاح على الصفحة الألكترونية/ جامعة بابل http://www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/service_showarticle.aspx?fid=7&pubid=6025
- صباح بالة، مفهوم الانتخابات، مقالة منشورة على الموقع الالكترونى الموسوعة السياسية، https://political-encyclopedia.org/dictionary



## Abstract

The Iraqi parliament council voted on 29/10/2020 with the new Iraqi parliament election law no. 9 of 2020. The adoption of the law on the Iraqi street has followed a lot of arguments.

Some believe that the new election law allows voters to elect members of parliament on a single basis instead of party list elections, and that each member of parliament is a representative of a cycle of elections, that each seat of the parliament will be given for that person who has the majority of voters won in the electoral cycle, and preventing the party's law from being enter in a united list, which had previously paved the way for full seats in a specific governorate.

Others believe that the law does not bring justice to the distribution of seats of the different areas in Iraq, as the number of voters is not visible in the electoral cycle, so it is not known how many

people in the cycle will be divided into election circles, at a time when the population has not been counted in the country for more than 20 years. And they believe that some parties and parties will easily succeed because of the imposition of power and influence over the districts they have over them because of the majority of votes. But others believe that the new law will be the reason for the creation of the equality and democratic, and elections on single bases means effective participation in the elections and the voting will be based only on individuals.

**Keywords:** Parliament Council, Election Circle, Election System, Democracy, Candidate, Quota System.